كۆنگرەی نیشتمانیی كوردستان – كۆمیتەی سكاندیناڤیا
Kurdistan National Congress (KNC)
Kongrey Nîştmanîya Kurdistan
WKA, Palingswich House, 241 king Street, London,
W 6 9 L P, U K.  E-mail; wka@knc.org.uk

# یادی هەڵەبجە و ئەنفال،
# بۆچی و لەپێناو چ ئامانجێكدا!

**خوشكوبرایانی هێژا!**

**ئامادەبوانی بەڕێز!**

**٢٢ ساڵ بەسەر قڕكردنی شاری هەڵەبجە و، كارەساتی ئەنفالەكان بەدەستی ڕژێمی داگیركەری عێراق تێپەڕبوو.** ئەمڕۆ لەولاتی نۆرویژ، لەبارودۆخێكدا یادی كارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال دەكەینەوە كە باشووری وڵاتەكەمان، پاش ڕووخانی ڕژێمی داگیركەری عێراق، سەرلەنوێ خراوەتەوە نێو جۆگرافیای سیاسیی عێراقەوە، ئەو عێراقەی كە بەپێی یاسای نوێ لەگەڵ بەشە كوردستانەكەی، دیسان بەبەشێك لەنیشتمانی عەرەبی حیسابدەكرێت.

پاش ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس، بەهۆی نەبوونی بیروباوەڕی نەتەوەیی و، ڕەچاونەكردنی ستراتیژی نەتەوەییەوە، گەورەترین هەلی مێژوویی لەكیس كورد دا و، ئەوڕۆكە یادی ئەنفال و كیمیابارانكردنی كوردستان، لەژێر ئالای ڕژێمی عێراق دەكرێتەوە و، چاوەڕوانی ئەوەین، دەسەلاتدارانی عێراقی نوێ، بەزەییان پێمانبێتەوە و، بڕەپارەیەک بۆ قەرەبووكردنەوەی زیانلێكەوتوان بیرنەوە بۆ كورد.

**جێنۆسایدكردنی گەلی كورد مێژوویەكی دێرینی هەیە و، لەمێژووی نوێی گەلەكەمان، دەتوانین ئاماژە بكەین بەو ریزە قڕكردنانەی كە لە باكووری كوردستان، لەسەردەمی شۆڕشی شێخ سەعیدی پیران و ئێحسان نووری پاشا و سەید ڕەزادەرسیم، لەنێوان ساڵانی ١٩٢٥ - ١٩٣٨ ڕوویاندا و، پتر لە دوو ملیۆن كورد بەدەستی توركان قەلاچۆكران و، ملیۆن و نیوێكیش بۆ مەترۆپۆلە توركەكان دوورخرانەوە. سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ڕژێمی سووریا و، ڕووخانی كۆماری كوردستان بەسەرۆكایەتیی پێشەوا قازی و، هەرەسپێهێنانی شۆڕشی ئەیلوول لەلایەن حەمەڕەزاشای دیكتاتۆر و، دواتریش فتوای جیهادی ئایەتوڵلا خومەینی و، شەهیدكرانی دەیانهەزار ڕۆڵەی كورد لەرۆژهەلاتی كورستان لەماوەی (30) ساڵی ڕابوردوودا، بەشێكن لەقەلاچۆی لەپسانەهاتووی گەلەكەمان، كە هەرهەمووی لەنێو گەمەی حیزبایەتی و، ئاڵۆزی و سەرلێشێواویی سیاسیی خۆییدا نوقم بووە و، سەرەرای ئەم هەموو كارەساتەگەورانەی بەسەر گەلەكەماندا هاتووە، كەچی هێشتا هیچ ئاسۆیەكی ڕوون بەدیناكەین و، چارەنووس و داهاتوومان لێڵ و تاریكە.**

ئەگەر دەمانەوێت بەهەست و باوەڕێکی پاک و نەتەوەییەوە یادی هەڵەبجە و ئەنفال بکەینەوە، ئەگەر دەمانەوێ چیدیکە کارەساتی وەک هەڵەبجە و ئەنفال لەهیچ بەشێکی نیشتمانەکەمان روونەدەنەوە، ئەگەر دەمانەوێ چیدیکە رێنەدەین، هێندێک کەس و لایەن بازرگانیی بە کارەساتەکانی کوردەوە بکەن، دەبێ بیری پیرۆزی رزگاری و سەربەخۆیی کوردستان بکەین بە رێباز و بەرنامەی رێی خەبات و تێکۆشینمان. پێویستە، یەکێتییەکی نەتەوەیی لەسەربناخەی باوەڕ و پرنسیپی نەتەوەیی پێکبهێنرێ و، لەدەرەوە و، لەنێوخۆی وڵات خەبات بکرێت بۆ پتەوکردنی یەکێتیی نەتەوەیی و، راکێشانی پشتیوانیی نێونەتەوەیی بۆ ئەنجامدانی راپرسییەکی سەرتاسەریی لە کوردستان، بۆ ئەوەی گەلی کورد بتوانێت لەئازادیی تەواودا دەنگ بۆ دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی خۆیبدات.

**لەکۆتاییدا، سوپاسی گەرمی خۆمان ئاراستەی هەموو ئەو بەڕێزانە لە ناوەندی هەڵەبجە (چاک) دەکەین، کە لەکاتی دامەزرانی (چاک) ەوە تاکو ئێستا، هەموو کات و توانای خۆیان خستووەتەخزمەتی بەجیهانی ناساندنی پرسی هەڵەبجە و ئەنفال.**

**بەو هیوایەی بەهەوڵ و تێکۆشینی هەموولایەکمان، بتوانین پرسی هەڵەبجە و ئەنفال، بکەین بە رەمز و دینەمۆی گەیشتن بە رزگاریی یەکجارەکی و دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆی کوردستان.**

**هەزاران سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی هەڵەبجە و ئەنفال و هەموو شەهیدانی رێی پیرۆزی ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان!**

**کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان**

**کۆمیتەی سکاندیناڤیا**

17/4/2010

**KNC**
**P.B. 205 Holmlia**
**1204 Oslo, Norway**
**0047 – 93839953**
**knc@ribrahim.de**
**post@kncsite.com**
**www.kncsite.com**